# ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: ڕاپۆرتی وەڵامدانەوەی موسڵ #٤

## ٢٤ ئەیلول - ٦ تشرینی یەکەم ٢٠١٦




ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ئاوارەکان لە خاڵەکانی پشکنین\سەنتەرەکانی پشکنین لە دوبز و مەکتەب خالید دەگوازێتەوە بۆ کەمپی لەیلان لە کەرکوك.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ تەوژمی گەڕانەوەی ٣٤٢٠ ئاوارەی بۆ شرگات دەستنیشان کردووە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ئەوەی دەستنیشان کردووە کە پارێزگای سەلاحەددین چڕبوونەوەیەکی بەرز لە ژمارەی ئاوارەکان بەخۆوە دەبینێت

## وەڵامدانەوەی IOM

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ وەڵامدانەوەی هەیە بۆ تەنگژەی ئاوارەبوونی خەڵکی عێراق بەهۆی کردە سەربازییەکان بۆ گرتنەوەی ڕێڕەوی موسڵ کە لە ١٦ی حوزەیران دەستی پێ کرد.

لەماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا
لە ١٦ حوزەیرانی ٢٠١٦ەوە

### ئاوارە دەستنیشان کراون*

٣٤٧٠-
٩٦,٤٣٢

### ڕاوێژی تەندروستی پێشکەش کراوە

٦٩١٢
٣٦,٨٢٥

### ئاوارە گواستراونەتەوە

٢٠٣٣
١١,٣٩٢

### بەشە شمەکی ناخۆراکی دابەش کراوە

١٠٧٤
١٠,٦١٥

### بەشە کەرەستەی قایمکردن دابەش کراوە

٢٠٠
٩٠٠


*ئەم ژمارانە لە تۆماری بەدواداچوونی ئاواران (بەدواداچوونی لەناکاو) سەر بە ڕێکخراوی نێدەولەتیی کۆچ وەرگیراون کە ڕووماڵی ئاوارەبوون لە پارێزگاکانی سەلاحەددین، نەینەوا و کەرکوك دەکات. وێڕای کەمبوونەوە لە ژمارەی ئاوارەکان کە لەماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا دەستنیشان کراون، تۆماری بەدواداچونی ئاواران نزیکەی ٦٤٤٠ کەسی دەستنیشان کردووە کە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان لەوەتەی دەستپێکردنی کردە سەربازییەکان لە ١٦ تەمووزی ٢٠١٦ تا کۆتایی ماوەی ئەم ڕاپۆرتە.



باوك و کچ وەك یەك: فەڕەح چاویلکە نوێیەکەی پێشانی باوکی دەدات.
©رابەر ی. عزیز \ ڕێکخراوی نێودەولەتیی کۆچ ٢٠١٦




خێزانە ئاوارەکان بەشە کەرەستەی قایمکردن وەردەگرن لە تکریت، سەلاحەددین
©عمار جاسم\ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ٢٠١٦




## دۆخی کۆچکردن: سەڵاحەددین و هەولێر

شوێنی ئاوارە تازەکان لە ناوچەکانی ڕێڕەوەی موسڵ لە پارێزگای سەڵاحەددین و هەولێر
ئەم داتایە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی خێرای ئاراستەی دیمۆگرافیە کە تۆمارکراوە لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ
تۆماری بە دواداچوونی ئاوارەکان تا ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦




- بەگشتی دابەزینێك هەبوو لە ژمارەی ئاواران لە ماوەی ڕاپۆرتەکەدا.

- تکریت (-٢٥٠٠ کەس)
- (بێجی - ٦٦٠کەس)
- بەلەد و ئەلدوور (گۆڕانکاری نیە)

سەرجەمی سەڵاحەددین (-٣،١٠٠ کەس)

- مەخمور (-٣٧٠)

سەرجەمی هەولێر (-٣٧٠)

- هۆکارەکانی دابەزینی ژمارەی ئاوارەکان بریتین لە: هەستکردن و گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە باری ئەمنی، توانای گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکان لەلایەن حکومەت.

- بەشێوەیەکی بەرچاو، ٣،٤٢٠ کەس گەڕاونەتەوە شەرقات لە کۆتایی ماوەی ڕاپۆرتەکەدا کە لە ئەنجامەی کردە سەربازییەکان ئەو ناوچانە لە داعش سەندرانەوە. ئاماری بەدواداچوونی ئاوارەکان نزیکەی ٦،٤٤٠ تاکەکسی دەستنیشان کردووە کە گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی بنەڕەتی خۆیان لە سەرەتای کردە سەربازییەکان لە ١٦ی حوزەیران تاکو کۆتای ماوەی ڕاپۆرتەکە.

- تکریت ناوچەیەکی گرنگی ڕووتێکردنە بۆ ئاوارەکانی ئەم دواییە کە لە ڕێڕەوی موسڵەوە دەربەدەر بوون و بەدوای ناوچەیەکی سەلامەت دەگەڕێن. ڕووکردنە تکریت لەلایەك بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی خێزانەکانە، لەلایەکی تر بەهۆی ئەوەیە کە حکوومەتی خۆجێیی ڕێگەی پێ داون کە بۆ خۆیان لە دەرەوەی کەمپەکاندا شوێنی پەناگە بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

## وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

### شمەکی ناخۆراکی

- لە کەرکوك ٥٠٠ بەشە شمەکی ناخۆراکی بەسەر خێزانە ئاوارەکان دابەش کرا کە زۆرینەیان لە دەرەوەی کەمپەکاندا دەژین.
- شمەکی ناخۆراکی بەسەر ٥٧٤ خێزانی ئاوارە دابەش کرا لە سەڵاحەددین، سەنتەری تکریت- ناوچەی قادسیە ٥٠٠.
- لە کەمپی گەرماوە تەباخی غاز بەسەر ١٠٨ خەزانی ئاوارە دابەش کرا لە پارێزگای نەینەوا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی جدی لە هەبوونی شمەکی ناخۆراکی ئاوارەکان.

### پاڵپشتی تەندروستی

- ڕاوێژی چاودێری تەندروستی سەرەتایی بە ٦٩١٢ خێزان دراوە لە پارێزگاکانی هەولێر، کەرکوك، نەینەوا، سەڵاحەددین .
- پشکنینی تەندروستی بۆ ١١٣٣ ئاوارە کرا لە کەمپی دیبەگە پێش ئەوهی بچنە ناو کەمپەکانی ئاوارەکان ئەویش وەکو بەشێك لە پاڵپشتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی نەینەوا لە بەڕێوەبردنی نۆڕینگەی تەندروستی لە کەمپەکەدا. هەروەها پشکنینی تەندروستی کراوە لە کەرکوك بۆ هەموو ئەم ئاوارانەی گوازراونەتەوە بۆ کامپی لەیلان.

### گواستنەوە

- لە خالەکانی پشکنین\سەنتەرەکانی پشکنینی دوبز و مەکتەب خالید ٢٠٣٣ ئاوارە گواسترانەوە بۆ کەمپەکانی ئاواران لە کەرکوك.

### پاڵپشتی پەناگە

- کەرەستەی قایمکردنی پەناگە بۆ ٢٠٠ خێزانی ئاوارەی تازە لە تکریت دابەش کرا. خێزانەکان لە کەوا لە باڵەخانەی تەواونەکراودا دەژین. بە هۆی ئەوەی ئاوارەکان ڕێگەیان پێدراوە لە دەرەوەی کامپەکان بژین، زۆربەیان شوێنی وایان دۆزیوەتەوە کە لە ڕووی بنیاتەوە سەلامەتترن ( وەك لە ژیان لە خێوەت) بۆ ژیان، لەنێویشیاندا باڵەخانەی تەواونەکراو. کەرەستە قایمکردنی پەناگە ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی خێزانەکان لەبارێکی ئاسوودەتردا بژین و توانایان پێ دەدات خۆیان لەگەڵ کەش و هەواکە بگونجێن.

## دەنگی ئاوارەکان

### فەڕەح

” خۆشترین وانەم عەرەبیە. بەشی خوێندنەوەم زۆر پێخۆشە“

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ فەرەح و حەسسانی باوکی قسەی کرد . ئەوان لە موسڵەوە ئاوارە بوون. حەسسان ئەندازیاری مەدەنی بوو، ئێستا لە هەوڵی دۆزینەوەی کاردا دووچاری زەحمەتی بووەتەوە. بەڵام باری فەڕەح ئێستا باشترە، دەچێتە قوتابخانەو بەردەوامە لە خوێندنی وانەکانی بە زمانی عەرەبی.

فەڕەح دەیەوێت ببێت بە پزیشك کە گەورە دەبێت. ”کاتێك منداڵان دەبینم ئێشیان هەیەو دەگرین، زۆر غەمبارم دەبم و منیش دەست بە گریان دەکەم. کاتێك قوتابخانە تەواو دەکەم دەمەوێت ببم بە پزیشکی منداڵات، بۆ ئەوەی بتوانم چارەسەری منداڵە نەخۆشەکان بکەم.“

فەڕەح یەکێکە لەو هەزار منداڵی ئاوارە و کۆمەڵگە خانەخوێکان کەوا چاویلکەی پزیشکی لە ڕێکخراوی نێودەولەتیی کۆچ وەردەگرن. چاویلکەکان لەلایەن کۆمپانیای ژاپۆنی، فوجی مێگانی، دابین کراون.



ئامێری پزیکیش بۆ دکتۆرەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بۆ ئەوەی پشکنینی چاو بۆ منداڵەکان بکەن لەلایەن حکوومەتی ژاپۆنەوە دابین کراوە.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە iraqpublicinfo@iom.int | بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی تۆماری بەدواداچوونی ئاواران سەردانی ئەم ماڵپەرە بکە iraqdtm.iom.int

@IOMIraq facebook.com/iomiraqmission instagram.com/iom_iraq iomiraq.net